بانگەوازێك لە لیدەری حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراقەوە بۆ:
خەلكی موتەمەدن و لایەنگرانی ئازادی و ئینسانیەت لە دنیادا

# نا بۆ ئەمریكا نا بۆ ئسلامی، بژی ئازادی و سكولاریزم

بڵێسەی جەنگ لە عیراق کڵپە دەستێنێ، شارەکان بوونەتە مەیدانی ڕووبوڕووبوونەوەی دوو هێزی تیرۆریست و دوژمن بە ئینسانی ئەم سەردەمەی ئێمە، دوو قوتبی ئەم جەنگە تازەیە تیرۆریزم و میلیتاریزمی ئەمریکا لە لایەك و تیرۆریزمی ئیسلامیە، ئەمریکا لە پێناوی فەرز کردنی باڵادەستی میلیتاریزمی خۆی لە دنیا شەڕێکی ماڵوێرانکەری بە سەر ئەم وولاتەدا سەپاندو بنەماکانی مەدەنیەتی لەم وولاتە تێکدا و کۆمەڵگای لەگەڵ ڕەشترین سیناریۆ بەرەوڕوو کرد، هاوکات بە گرتنە بەری سیاسەتی سازدانەوەی دەسەڵات لەسەر بنەمای قەومی و مەزهەبی دەرگای لەبەردەم باڵا دەست بوونی هێزە قومی و ئیسلامیەکان خستە سەرپشت و زەمینەی تەقینەوەی ململانێی قەومی و مەزهەبی فەراهەم کرد. ئیسلامی سیاسی کە هەڵگری پەیامی کۆیلایەتی ئینسان و دوژمنایەتی هەر تروسکایی‌یەکی ئازادی‌یە بە سوود وەرگرتن لە تیرۆریزمی ئەمریکا و هەلودان بۆ خۆ ئاویتەکردن لەگەل خواستی خەلك بۆ وەدەرنانی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق، زەمینەی پیادەکردنی ئەلتەرناتیوی کۆنەپەرستانەی خۆی فەراهەم دێنێ،....
بەڵام ململانێ لە عیراق تەنها دوو قوتبی نیە، قوتبێکی سێهەم لە مەیداندایە کە پەیامی ڕزگارکردنی کۆمەڵگای پێیە، ئاڵای دەسکۆتاکردنی هەردوو لایەنی ئەم پیشبرکێ تیرۆریستیەی هەلکردوە، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی جەماوەری بەرینی خەلکی ئازادیخوازو متمدنی عیراق قوتبی سێهەم پیکدەهینن لە پێناو ئازادی و ئەمنیەت و رەفاهو سکولاریزم و مافە جیهانداگرەکانی ئینساندا.
حیزبی کۆمۆنیستی‌کرێکاریی لەپێناوی کۆتایی هێنان بەم هەلومەرجەو بەرگرتن بە داڕووخانی زیـــاتری کۆمەڵگاو سازدانەوەی مەدەنیەت، ســـەرخەتی پرۆژەی خۆی لەم چەند خاڵەدا بەیان کردوەو بۆی تیدەکۆشیت:

پیکهێنانی حکومەتیکی کـــاتی لە نوێنەرانی خەلك کە ژیان و ئەمنیەت و ئازادی خەلك دابین بکـــات. بواربکـــاتەوە بۆ ئەوەی جەماوەری خەلك بتوانن ئازادانەو هوشـیارانە بڕیار لەسەر نیزامی حکومەتی ئایندەی عیراق بدەن. لەم بارەیەوە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێ بکات:
چونەدەرەوەی ئەمریکاو هاوپەیمـــانەکانی وەکو هۆکاری سەرەکی نائەمنی ئێســـتا. حکومەتی کاتی بە هـاوکـاری هیزی نێودەولەتی جیاواز لە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی شەڕ، ئەمن و ئاسایشی وولات بپارێزێت.
دابینکردنی گوزەرانیکی شایستە بە ئیسنان بۆ هەموو هاولاتیان.
جیاکردنەوەی دین لە دەولەت و پەروەردەو فیرکردن.
یەکسانی هەمەلایەنەی مافی ژنان و پیاوان.
یەکسانی هەمەلایەنەی هەموو دانیشتوانی وولات بەدەر لە قەومیەت و دین و مەزهەب و رەگەز.
سەلماندنی مافی خەلکی کوردستان بۆ بریاردان لەسەر مانەوە لە عیراق یان جیابونەوەو پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆ لە ریفراندۆمیکی ئازاددا.
ئازادی بیقەیدو شەرتی سیاسی، ئازادی بیروباوەرو بەیان و رەخنەگرتن و ریکخراوبون و نارەزایەتی دەربرین بۆ هەمووان.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق بانگەوازی هەموو خەلکی موتەمەدن و ئازادیخوازان و ئینساندۆستانی دنیا هیزە سۆسالیستی و کریکاری و پیشکەوتنخوازەکان دەکات، کە بە دەوری خۆیان چالاکانە دەخالەت لە وەزعی کارەساتباری عیراق بکەن، هاوشان لەگەل خەلکی عیراق بەرامبەر شەروکیشەی تیرۆریستان و جەنگیان ڕاوەستن، بە هەموو توانایان پشتیوانی لە قوتبی سیەم و بەدیلی ئازادیخوازنەی بکەن.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق
20-04-10